# باخێك بارووت

**دلاوەر قەرەداغی**

بۆ جەمال غەمبار
بەر لەهەڵكردنی گێژەڵووكەی دڕك

واباشە،
بەر لەڕژانی
ئەم پێكە رەنگاوڕەنگەی دڵم
بچمەوە
درەنگانێ
شیعرێكی تەڕ تەڕ

به لیمۆ
دێته ژێر باڵی پیریم و
دەمهێنێتەوە ماڵەکەی تۆ !
واباشه
بەر لەپڕانی
ئەم پێکه رەنگاورەنگەی سەرت
بچپیەوه
درەنگانێ
شیعرێکی خوساو به شەو
رەشماڵێك بۆ پیرییت هەڵدەداو
چاوانی مەراقم دەچنه خەو!
بیخوێنەرەوه ... هاوڕێم
له جانتاکانی سەفەر نووسراوه
تابووت
یان دەبێ به مردوویی
به جانتاکانمانەوه بدوێین
یاخود دەبێ به زیندوویی
لەگەڵ تابووتەکانمانا بڕۆین !
چیی هەیه لەم ژووره تەنگتر؟
چیی هەیه لەدڵی ئەم شمشێره
رەقتر؟
چیی هەیه لەم دوکەڵه رەشتر؟
چیی هەیه له دەنکه مرواری ئەم خەمه
درشتتر؟
چیی هەیه .. چیی هەیه
لەم دوو قەبرەی من و تۆ

ئاوەدانتر؟
ئیدی مەحاڵە هاوڕێم
ئەم پەنجەرەیە حیکمەتی روانین
لە کۆترە شینکەوە فێربێ
مەحاڵە ئەم دەرگایە
بە رووی باخ و سڵاودا
بکرێتەوە
کەواتە ... کەواتە
بەر لەجەولەیەکی تری پیاسەی ژەهر
سێشەممەکانت کۆکەرەوە
هەروەها لیمۆکانیشت کۆکەرەوە
بەر لە چاوسوورکردنەوەی
چەقۆ لە گوڵ
لەنێو مستی رەقهەڵاتووی کۆڵاندا
دەنکە بەرسیلەی وەریوی
چاوانی رۆزا*
بچنەوە
هاوڕێم لەبەر چاومە
بەرەبەیانییەك من و تۆ
لە بنی فنجانی ئەم قاوەگرەوە ئازیزەدا
پیر دەبین
کۆمە کۆم بە جانتاکانمانەوە
رێی قەبرەکانمان دەگرینە بەر
تۆ بۆ نێو مەنفای قەبرەکەی خۆت و
من بۆ نێو مەنفای قەبرەکەی خۆم !
هاوڕێم لەبەرچاومە

بەربەیانییەك من و تۆ
لەپاڵ دیواری سێشەممەیەكدا
پیر دەبین
كۆكە كۆك ... بە تابووتەكانمانەوە
دەچینەوە سەر سەفەر
تۆ بۆ نێو تابووتی سەفەری خۆت و
من بۆ نێو تابووتی سەفەری خۆم!
هاوڕێم ... هاوڕێم
بەرەبەیانییەك رووت و قووت
لە بەشە میراتی
ئەم پیاوە ئاوساوانە
چیی بەمن و تۆ دەبڕێ
جگە لە چەپكێ گوڵی ژەنگاوی و
باخێك بارووت !
حەیف ... هاوڕێم
حەیف
كە بەرەبەیانییەك
بەر لەهاواری سەمون فرۆشەكە
من و تۆ پیر دەبین
كەسێ نابێ بمانبا
بۆ پیاسەی گەڕەكی لیمۆكان
كەسێ نابێ
دەنگمان هەڵگرێتەوە لە زستان
حەیف
هاوڕێم ... حەیف
بەر لە رژانی ئەم پێكە ژەهرەی

**سەر خوانی کورد**

**سەری شیعرمان**

**بە دیار شەڕەکانەوە**

**سپیی کرد!**

***سلێمانی***
***ئابی 1997***

*** ڕۆزا: کچی جەمال غەمبار.**